نەتەوەیەك لە باوێشك

بای ڕووشكێن بەرەو من دێ
منیش بەسەر ئەم زمانە باریكەدا
ئەمەوێ بگەمە نەمریی
بای ڕووشكێن بەرەو من دێ
عەڕافیم خەجاڵەت ئەكا
سەنگەرە قوڵكانی باوكم پڕ ئەكا لە ڤایرۆسی بێ وردیی
بای ڕووشكێن بەرەو من دێ
ئەیەوێ لەڕێوە پێم بڵێ :
فرسەخێ لەملا نووحەوە
باپیرت نهێنی یەكی لە پشت نابوو
بەرلەوەی بگاتە ئێرە
ژەنگ لێ ی داو لەگەڵ هەنگاوەكانی خۆیدا هەڵوەری
بای ڕووشكێن پێم ئەڵێ :
ئێوە پرسیارێكی سەیرن
سەدەیەك گەڵا ئەكەن !
سەدەیەكیش هەڵئەوەرن .
پێم ئەڵێ ئێوە خۆتان
بە پەنجەی ڕۆژگارێكی ڕەش
هەڕەشەتان لەخۆتان كرد
بای ڕووشكێن
بە ئێسكمدا تێدەپەڕێ و ئازارم هەڵدەگوشێ
بای ڕووشكێن
هەموومانی ناوناوە خۆڵەمێشی تەڕ
بای ڕووشكێن
گیرفانەكانی پڕن لە پێكەنینی پیر .
بە ـ با ـ ی ڕووشكێن ئەڵێم :
ئێمە لە فێڵێك داكەوتین
كەس نازانێ كێ لێ ی كردین
پێمان لە خوێنێك هەڵخزا
نەمانزانی كێ لێ ی ڕشتین .
بای ڕووشكێن بۆ لای من دێ
پاش دوو ساتی تر ئەگات و
لەگەڵ خۆیدا هەڵمدەگرێ بۆ نادیار .